www.kurdistannet.org

18-7-2006 23:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یەکگرتووی ئیسلامی دروستکەر و داڵدەدەری تیرۆریزم! ... جەمال محسن

jamal_muhsin@yahoo. com



مەلەفێک کە بە بۆنەی کێشەی نێوان یەکگرتووی ئیسلامی و سەرۆ قادرەوە کرایەوە بە قازانجی یەکگرتوو نەشکایەوە. بەرچاوترین مەسەلەی نێو ئەم کێشمەکێشە ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی یەکگرتوو ڕۆڵی هەیە لە هاندان بۆ تیرۆریزمدا و دەستی هەبووە لە هاندان بۆ تیرۆرکردنی هاوڕێیان شاپور و قابیلدا. هەربۆیە بە خشکەیی و لە ژێر ناوی "ناسکی بارودۆخی کوردستاندا" داوایەکی یاسایی کە لەسەر سەرۆ قادر هەیانبوو، گێڕایانە دواوە. وە لە زاری پارێزەرەکەیانەوە ئەوەیان ڕاگەیاند کە "هیچ کەسێک ناتوانێت بەڵگەیەک بهێنێت کە یەکگرتوو هانی تیرۆر دەدات لە کوردستان"! (ژمارە 597 ی بڵاوکراوەی یەکگرتوو، ڕۆژی 11. 07. 2006 (http://www. kurdiu. org/filebank/newspapers/mid-15p-2. pdf .

با جارێ لەو "ناسکی" یەی بارودۆخی کوردستان بگەڕێین کە کەس نازانێت کەی کەمێک "جیڕ" ئەبێتەوە و بوار ئەدات ڕەخنە و ململانێی سیاسی بچێتە پێش و ئەوە نەبێتە پاساو بۆ پەردەپۆش کردن و داخستنی چەندین پەروەندەی تاوانکاری. ڕاستیەکەی علی گردەسووری پارێزەر و یەکگرتووی ئیسلامی ناتوانن دەمیان ئەوەندە گەرم بێت کە گوایە کەس بەڵگەی لەسەر تاوانکاری و هاندانی تیرۆری ئەوانی نیە. مێژوویەکی ئەوەندە دوور نیە تاکو پێویست بکات زۆری بە دوادا بگەڕێین تا بزانرێ کە باکگراوندی سیاسی و هەڵسووڕانی یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان چی بووە و ئێستاش چیە.

هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە، یەکگرتووی ئیسلامی کەوتە سوود وەرگرتن لە برسێتی خەڵک و لە بەرامبەر دانی چەند سەد دینارێکی کەمدا منالآنی خێزانە هەژارەکانی ڕاپێچی ناو مزگەوت و حوجرەکان کرد و بە ئاگری جەهەننەم تۆقاندنی و بە سرنج مێشکی سافیانی بە خورافەی ئایینی و خوا و ئیسلام سر کرد. ئایا ئەمە تیرۆری کەسێتی و دەروونی منالآن نییە؟ ئەوە گەورەترین تاوانێکە کە بە هیچ جۆرێک لێ خۆش بوونی نیە و گێژ و وورکردنی بەشێک لە نەوەی خەڵک و گۆشکردنیان بە بیروڕای تیرۆریستی " یا ایها النبی حرج المؤمنین علی القتال (سورە الانفال، ئایەتی 65) " و " فقاتلوا ائمە الکفر انهم لا ایمان لهم (سورە التوبە، ئایەتی 12) "، لە ئەستۆی ئەوانە و هەر ئەشبێت باج و سزای ئەوە لە خەڵکی پێشکەوتووی کوردستان وەربگرنەوە.

هەر لەو کاتەشەوە هەمیشە کاتێک مەسەلە و باس ئەهاتە سەر کووشتن و تیرۆرکردنی ژنان کێچ ئەکەوتە کەوڵیان و لە لایەک "ڕێکخراوەی ژنانەکەیان" لە ژێر بیانووی نامووسی و لادان لە عادات و عورفی ئیسلامی پاساویان بۆ ئەو تیرۆریزمە ئەهێنایەوە و چەندین ئایەت و حەدیسیان بە ناوی "زینا" و خراپەکاریەوە ئەهێنایەوە تا شەرعیەت بەو کووشتارە بدەن. لە لایەکی ترەوە مەلاکانی سەر بە ئەوان (و لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری مەلاکانی تریش کە سەر بە ئەوان نەبوون! و پەمپی دەزگاکانی ئەوان ئەدران) لە مزگەوتەکانەوە هەمان فەتوای تیرۆریان لە ژێر ناوی "بەرەڵایی" دا لە دژی ژنان تەخشان و پەخشان ئەکرد.

لە ساڵی 98 دا کاتێک کە هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان (ڕ. س. ئا) ئەو کات خەریکی وەستانەوە بە دژی کار و کردەوەکانی یەکگرتووی ئیسلامی بوون، لە چەشنی تێزاب کردن بە قاچی کچانی مەدەنی پۆش و هوهاکردن لێیان و فشاربۆ هێنانیان، ئەوان لە ڕادیۆ و مینبەری مزگەوتەکانەوە

کەوتنە هەڕەشە و فەتوا و هاندانی کووشتنی هەڵسووڕاوانی ڕێکخراو وەک نەجیبە کریم، ناسک ئەحمەد، گوڵزار علی و کەژاڵ حەمە ڕەشید. ڕادیۆی یەکگرتوو ئەو کاتە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەو فەتوایەداو بێجگە لە هەوڵدان بۆ شکاندنی کەسێتی خۆشەویستی ئەو هەڵسووڕاوانە، بە ئاشکرا ئەیانووت "بەرەڵای وەک ئەوانە بۆ سووتاندن باشن". یەکێکیش لەو مەلایانەی کە بە ئاشکرا کەوتە هاوار هاوار مەلا عوزێری مزگەوتی زەرگەتە بوو لە شاری سلێمانی. ئێستاش بەڵگەکانی ئەوە ماوون کە هەڵسووڕاوانی (ڕ.س.ئا) لەسەر ئەو فەتوایانە دادگایان لە یەکگرتوو و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان گرت.
هەروەک لە ڕاگەیاندنەکەی حزبیشدا سەبارەت بەم مەسەلەیە هاتووە یەکگرتوو لە هەولێر و ڕۆژێک پێش تیرۆرکردنی شاپور و قابیل، کەوتە هەڵخڕاندنی خەڵک و فەتوادان. کە ئەمەش ئیتر نەک هەر هاندانە بگرە یەکگرتوو بووە بەشێک لە کردەوەی تیرۆرکردنی هاوڕێیان. ئەو کردەوەیەی یەکگرتوو و دەزگای ڕاگەیاندن و مزگەوتەکانی سەر بەو، ئەو ڕاستیەی کە ئێمە هەمیشە ئەو کاتیش ئەمانووت کە جیاوازی نیە لە نێوان باڵی "میانەڕەو" و "توندڕەو" دا، دووپات کردەوە و مەلا بەشیر و مەلا سەلمان (کە سەربە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو و بە کردەوە نەخشەی تیرۆرکردنەکەی دانا) لە یەک خانەی تیرۆریستی ئیسلامیدا دانا.
تازەترین مەسەلەش کە بە بەرچاوی خەڵک و دەسەڵاتیشەوە کردیان، فەتوا و هاندانی کووشتنی مەریوان هەڵەبجەیی بوو. ئەو کارەی کە یەکگرتوو لە ڕادیۆکەیانەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە کردیان و خەریکی بەرزکردنەوەی ڕق و تووڕەیی تیرۆریزمی ئیسلامی بوون، یەکێکی ترە لە بەڵگەکان لەسەر تیرۆریست بوونی یەکگرتووی ئیسلامی. ئەمە و چەندین بەڵگەی زۆر و زەبەند کە لەبەردەستی کۆمەڵگادان، بوارێک بۆ باوەڕکردن بەو قسە پووچەی علی گردەسووری ناهێڵێتەوە.
هێنانەوەی بەڵگە و ساغکردنەوەی بەشێک لە مێژووی تیرۆریزمی کوردستان بەسەر یەکگرتوودا تەنها ئەرک و کاری کۆمۆنیستەکان نییە. لە هەموو کووچە و کۆڵانەکانی سلێمانی و هەولێر و شار و شارۆچکەکانی تر خەڵکی ئەتوانن بەڵگەکانیان کۆبکەنەوە و بیخەنە بەردەم دادگا. ئەوە تەنها ئێمەش کۆمۆنیستەکان نین کە مەدعوین لەسەر یەکگرتوو وەک هێزێکی تیرۆریستی، بگرە ئەوە ئەرکی تەواوی ڕۆشنبیران و نووسەران و خەڵکی ئازادیخوازە کە دەعواکانیان لەسەر ئەمانە بەرزبکەنەوە. یەکگرتوو و تیرۆریزمی ئیسلامی نەخۆشین بۆ کۆمەڵگا و ئەبێ کۆمەڵگا بپارێزرێت لێی. ئەبێ وێڕای ڕاکێشانیان بۆ بەردەم دەرگای دادگا، کۆمەڵگا پارە و ئیمکانیات تەرخان بکات بۆ بنبڕکردنی تیرۆرزیم و کۆمەڵگا بپارێزێت لێیان نەک بە پێچەوانەوە پارە و پوول بخرێتە بەردەمیان و سات و سەودا بکرێ لەگەڵیان.
یەکگرتووی ئیسلامی تاوانبارە و دەستی لە تیرۆرکردنی هاوڕێیان شاپوور و قابیل و تیرۆریزمی ئیسلامی لە کوردستاندا هەیە. هەر بۆیە ئەبێ هەڵسووڕانیان قەدەغە بکرێت. تەواوی کۆمەڵگا ئەبێ نەک هەر تەنها بەمە حەساس بێت، بگرە هەلێکی زۆر باش لەبەردەستی کۆمەڵگادا هەیە کە بارەگا و چالاکی تیرۆریستی ئەمانە بپێچینەوە. وەزعی کوردستان بۆ ئەوە ناسک نییە کە مانەوەی یەکگرتووی ئیسلامی قبووڵ بکرێ، بەڵام بۆ ئەوە ناسکە کە ڕاپێچی دادگایان بکەین و هەڵسووڕانیان قەدەغە بکەین؟!
2006 .07 .16